

# کاریکەلیماتۆر

## *پەرویزی شاپور باوکی کاریکەلیماتۆری ئێران

## ئەو تەنزنووسەی قەڵەمەکەی لە رەشایی شەو پڕەدەکات‌و لە سەر سپێتی بەیانی دەنووسێت!


سەروەر عومەر


**سەرەتا**

راستیتان بوێت پێشتر پەرویزی شاپورم تەنها وەك هاوسەری فروغی فەڕوخزاد، ژنە شاعیری ناوداری ئێرانی دەناسی‌و زۆر جاریش وام بیردەکردەوە ئەم پیاوە کەسێکی زۆر بێهەست بووەو نەیتوانیوە دەرکی فروغ بکات! هەر بۆیە ژیانی هاوسەرێتییان بەجیابوونەوە گەیشت، بەڵام وەختێك لە م ماوەیەدا لە یەکێك لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بەشێوەیەکی زۆر رێکەوتانە چاوم بەهەندێك رستەی کورتی ناسکی پڕمانا کەوت، یەکسەر بەشوێن خاوەنەکەیاندا گەڕام‌و کاتێك بۆم دەرکەوت نووسەری ئەو رستانە هەمان پەرویزی شاپوری هاوسەری فروغە، لێتان ناشارمەوە شەرمم لە خۆم‌و بیرکردنەوەی پێشووی خۆم کرد. هەر بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو وێناکردنانەی پێشووم سەبارەت بەم مرۆڤە گەورەیە بڕیارم دا هەرچۆنێك بووە بەشوێن ژیان‌و بەرهەمەکانیدا بڕۆم، کە تاهەنووکە نووسینێکی ئەوتۆم لە مەڕ ئەم هونەرمەندە گەورەیەی گۆڕەپانی تەنزو کاریکەلیماتۆر لێرە بەرچاو نەکەوتووە. باپێکەوە گەشتێك بە ژیان‌و بەرهەمەکانی ئەم مرۆڤە خۆش مەشرەبەدا بکەین، تاببینین پەرویزی شاپور مرۆڤێکی چەندە هەستناسك‌و خەیاڵفراوانەو خاوەن چ دونیابینییەکی تازەو چ تێڕوانینێکی جوانە بۆ ژیان‌و شتەکانی دەوروبەری. تا ببینین ئەم هونەرمەندە مەزنە لە دەرزیی یەخە، مشك، پشیلە و ماسی چ پەڕجوویەکی خوڵقاندووە!! من بەشبەحاڵی خۆم تام‌وچێژێکی بێئەندازەم لە

جیهانە سەرسوڕهێنەرەکەی شاپور وەرگرت، دڵنیام کاریکەلیماتۆرەکانی پەرویزی شاپور ئۆخژنێکیش بە ڕۆحی ئێوە دەبەخشن.

**کاریکەلیماتۆر چییە؟**

پەرویزی شاپور بونیادنەری قوتابخانەیەکی تازەیە لە هونەری تەنزنووسیدا، بەناوی «کاریکەلیماتۆر» کە هەنووکە وەك فۆرمو ژانرێك لە ئەدەبیاتی فارسیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. کاریکەلیماتۆر پێکهاتووە لە کاریکاتۆرو کەلیمات. لە ڕاستیدا کاریکاتۆر لە جیاتی هێڵ بە وشە دەردەبڕدرێت. پەرویزی شاپور وەختێك دەچوو بۆ جێگایەك خوداحافیزیی دەکردو کاتێك ئەویی جێدەهێشت سڵاوی دەکرد. ئەو هەر بەوجۆرە جێگەی هێڵو وشەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکرد، واتە بە هێڵ دەینووسیو بە وشە وێنەی دەکێشا، بە گوزارەیەکی دیکە شاپور وێنەکانی دەنووسییەوەو نووسینەکانیشی وێنە دەکێشا. کاریکەلیماتۆر کاریکاتێرێکە بە وشە دەکێشرێت وەك بڵێی جگە لە مە چارەیەك نییە.

ئاخر زۆرێك لە وێنەکان ناتوانرێت بە هێڵ بکێشرێن، بۆ نموونە وەختێك شاپور دەڵێت: لوتکە بەسەر چیادا سەرئەکەوێت، یا درەخت لە پشیلە دێتە خوارەوە، چۆن دەکرێت وێنەی ئەمانە بکێشرێت. شاپور هەمووان غافڵگیر دەکات. ئەو شاعیری ئیمکاناتو وشەکانو هزرەکانی بەسانایی وێنەدەکێشێت.

**ڕیشەی کاریکەلیماتۆر**

پەرویزی شاپور لە بڵاوکراوەی تەوفیقدا گۆشەیەکی هەبوو بەناوی _ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیروڕاکاندا_ لە وێدا بابەتێکی دەهێناو بیروباوەڕی خۆی دەربارەی ئەو بابەتە دەنووسی، کە زۆر کورت بوون و هەرکەس ڕایەکی هەبوو بەشێوەیەکی تەنزئامێز... ڕەگی کاریکەلیماتۆر لە ڕاستیدا لە وێوە بوو.

**ژیاننامەی پەرویزی شاپور**

پەرویزی شاپور لە دایکبووی پێنجی ئیسفەندی 1303یە لە شاری قوم، بەڵام ناسنامەی لە تاران وەرگرتووە. قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی «دەقیقی» تێپەڕاندو بڕوانامەی دبلۆمی لە ئامادەیی «دارایی» بەدەستهێناوەو لە زانکۆی تاران لیسانسی ئابووریی وەرگرت. لە قوتابخانەی «سەنعەت»ی ئەو زەمانەدا خوێندکاری عەلی ئەسفەندیاری «نیما یوشیج» بوو. دواتر لەگەڵ فروغی فەروخزاد کە لە وکاتەدا شانزە ساڵان بوو زەماوەندی کرد 1329. فروغ ئەم ڕووداوەی بە «عیشقو زەماوەندی پێکەنیناوی» ناوبرد. پەیوەندیی ژنومێردایەتیی ئەم دووانە بەهۆی خۆتێهەڵقورتاندنی نزیکەکانیانەوە لە ساڵی 1343دا بەجیابوونەوە کۆتایی پێهاتو بەرهەمی ئەم زەماوەندە کوڕێك بوو بەناوی کامیار، کە فروغ لە شیعرەکانی خۆیدا ئاماژەی پێکردووەو شاپوریش (کامی) وەك ناوی خوازراو بەکار بردووە.

شاپور لە ساڵەکانی1330 تا1340 یاریدەدەری دارایی شاری ئەهوازی لە ئەستۆ بووە. کاری خۆی سەرەتا لە گۆڤاری تەوفیقدا دەستپێکرد.

لە دایکبوونی کاریکەلیماتۆرەکانی لە 21ی خوردادی 1340دا لە گۆڤاری «خوشە»دابوو، کە ئەحمەدی شاملو سەرنووسەری بوو.

-لە ساڵی1350دا یەکەمین کتێبی کاریکەلیماتۆر بڵاوکەرەوەی نموونە چاپیکرد، کە هێڵکاریو نووسینەکانی شاپوری لە خۆگرتبوو لە ساڵی 37ەوە تا50.

شاپور لە دوو پێشانگادا بەشداریی کردووە، یەکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەگەلەری زروان ساڵی1354، و یەکێکیشیان بەشێوەیەکی کۆمەڵی لە نیگارخانەی تەختی جەمشید، ساڵی 1354، لەگەڵ بیژەنی ئەسەدی پورو عیمرانی سەڵاحی.

شاپور هەرگیز دووبارە زەماوەندی نەکردەوەو تا کۆتایی تەمەنی هاوڕێ لەگەڵ کامیارو دکتۆر خوسرەوی شاپوری برای لەماڵێکی کۆنینەدا دەژیاو سەرئەنجام لە 15ی موردادی 1378دا لە نەخۆشخانەی توسی تاران کۆچی دوایی کرد.

**ژیاننامەی شاپور لە زمانی خۆیەوە**

ئێمە بنەماڵەیەکی پشیلە دۆستین، لە کۆنەوە هەمیشە لە ماڵدا پشیلە مان هەبووە. لە بیرمە ئەم پشیلانە زستانان ئەهاتنو بە شێوازی جۆراوجۆر لە سەر کورسی دادەنیشتن، هەندێك جار دەخەوتن، جار هەبوو دادەنیشتنو جاریش هەبوو لەگەڵ یەکدا کایەیان دەکرد، لە بەر ئەوەیە من بەهێڵکاریی جەستەی پشیلە زۆر ئاشنامو ئەتوانم بیکێشم، لە


پەرویزی شاپورو فروغی هاوسەری

کاتێکدا ناتوانم فیل بکێشم.

پشیلە وەك شەمەندەفەرێکە دوو واگۆنی هەبێت: مشكو ماسی. ئەتوانم بڵێم کێشانی هێڵکاریی ماسی زۆر بەلامەوە ئاسانە، چونکە زۆر راوەستاومو ماسییەکانم لە شووشەو حەوز کردووە، لە نووسینەکانیشمدا هەروایە، بۆ نموونە خەریکی پەلکەزێڕنە دەبمو کاریکەلیماتۆری زۆری دەربارە دەنووسم، پاشان ئازادی دەکەم. جارێك لە یادمە لە نووسینەکانمدا وێنەی شتەکان زۆربوون، وێنەی شتەکان لە ئاودا، بۆ نموونە وتبووم : وەختێك وێنەی گوڵی موحەمەدی کەوتە سەر ئاوەکە ماسییەکان سڵاوواتیان دا، یا گریمانەی ئەمە بکەن وەختێك وێنەی درەخت لە زستاندا دەکەوێتە سەر ئاوەکە ئەوەندە ماسیی گوڵڕەنگ لە سەر لقەکانی دەنیشنەوە وەك درەختێکی بەهاری نووقمی شکۆفە دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەست دەکەم توانیومە خۆم بناسم. لە منداڵییەوە شیعرەکانی خەیامم لە بەر بووە، لە چوارینەکانی خەیام، کە لە ڕووی قەبارەوە بچووکن، مانای زۆرم وەرگرتبوو. زۆر زیاتر لە وەی رەنگە مرۆڤ لە خوێندنەوەی دیوانێکی پڕ قەسیدەی درێژ وەریبگرێت. هەرکات شتێکم دەبینی سەرنجی رادەکێشام، دەهاتم لەگەڵ دایكو باوکم دەربارەی قسەم دەکرد. لە قسەکانم تێنەدەگەیشتن، تەنانەت چەندجار لە سەر ئەم بابەتە کوتەکم خواردووە. قسەکەم ئەخواردەوەو پچڕپچڕ قسەم دەکرد. بەکورتی هەر لەو سەرەتایەوە هۆکاری کورتنووسیو کورتبێژی لەگەڵمدا بووە.

رەنگە هەوڵمدابێت «شیعر یا شاعیریەت» لە نووسینەکانمدا زۆرتر بن. لەبەر ئەوەی هەستم کردووە هەم وتنیان ئاسانترەو هەم خەڵکی زۆرتر خۆشییان لێدێت، بەڵام من خۆم زیاتر ئەوانەم خۆش دەوێت کە لایەنی تەنزیان بەهێزترە.

من هەمیشە نیگەرانی ئەوەم لێم بپرسن تەنز یانی چی؟ چەندان شەو لە بەر نائارامیو نیگەرانی ئەم پرسیارە خەوم لێنەکەوتووە.

لە ساتێکدا کاردەکەم - چ نووسین یا هێڵکاری- هەست بەئارامییەکی سەیردەکەم، چرکەساتە دۆزەخییەکانم دەبنە چرکەساتە بەهەشتییەکان، بۆ نموونە کاتێك وازی بە دەرزیی یەخە دەکەم؛ ئیدی قەرزەکانم لە بیردەچێتەوەو کەیفم دێ




له وەی توانیومە 150 کاری جیاواز بەدەرزیی یەخەیەکی بچووک ئەنجام بدەم.

وەختێك مرۆڤ كارێك دەكات هەم ساتەكانی خۆشگوزەراندووەو هەم وەختێك شەو جارجار لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی دەكات ئەتوانێت بەخۆی بڵێت «ئافەرین، شاپور!!»

ڕۆژێك ئەم ماجیکە ڕەنگاوڕەنگانەم بینیو زۆر حەزم لێکرد، دەستەیەکم کڕیو هێنامەوە بۆماڵەوە. پاشان ڕۆژێك دایکمو ئەوان بڕیاریان دا بڕۆن بۆ سەفەرو سەردان، چونکە پێشتر جارێك دز هاتبووە سەر ماڵەکەمان، بڕیاردرا من بمێنمەوەو ئاگام لە ماڵەکەبێت. تا ئەو کاتە هێڵكارییەكانم زیاتر لە كافەو چایخانەكاندا دەكێشا. وەختێك ناچار بووم لە ماڵەوە بمێنمەوە، چونکە مێزێکی گەورەتری لێبوو و منیش جێگایەکی فراوانترم هەبوو تا ماجیکەکانم بڵاوبکەمەوە. توانیم هێڵکاریی ڕەنگاوڕەنگ بکێشم، بەمشێوەیە بوو کە ڕەنگ هاتە نێو هێڵکارییەکانی منەوە.

من هێڵکاریم بەدەرزیی یەخە دەستپێکرد، لە بەر ئەوەی کە بەڕاستی شێوەکەیم زۆر خۆش ئەویێتو هەمیشە لە زەینمدایە، هەروەها لە بەر ئەوەی کە لە ڕاستیدا هێڵکاری تارادەیەك ئاسان بوو. دەرزیی یەخە شێوەیەکی سادەی هەیەو دەکرێت کایەی پێبکرێت.

شتانێك هەن لە زەینی مندا دەمێننەوە، بۆ نموونە لە وانەی بیرکاریدا کە بەناچاری لە قوتابخانەدا خوێندم، شتێك کە لە یادم ماوە، ڕەگی ژمارەکانە. هەندێك شتی دیکەش لە ڕیزدا وەستاونو نۆرەی ئەوانیش دێت. بەشێوەیەکی گشتی، من بونیادم جۆرێکە ناتوانم دەربارەی هەرشتێك مافی خۆی بدەمێ. ئێستا سەرقاڵی دەرزیی یەخەمو تا ئەو جێگایەی بتوانم، مافی زایە ناکەم!

**چەند نوکتەیەك لە پەرویزی شاپورەوە**

*پەرویزی شاپور وەسیەتی کردبوو کێلی گۆڕەکەی پشتەوڕوو دابنێن تا بتوانێ کاتەکانی دەستبەتاڵیی بەخوێندنەوەی نووسینەکانی سەری پڕبکاتەوە.

*بەوتەی شاپور هەژارێك مردبوو لە سەر کێلی گۆڕەکەی کونێك بەئەندازەی سکەیەك دروستکرابوو تا ڕێبوارەکان یارمەتیی بدەن.

*شاپور دەیگێڕایەوە چەند کەسێکی بینیوە لە سەر کێلی گۆڕێك خەریکی چەکوشوقەڵەم کارین. کاتێك لێی پرسیوون ئێوە چ کارەنو لێرە چی دەکەن؟ وەڵامیان داوەتەوە؛ ئێمە کارمەندانی تۆمارکردنی باری شارستانین، ئەم خوالێخۆشبووە لە ماوەی ژیانیدا داوای گۆڕینی ناوەکەی کردبوو، ئێستا ڕەزامەندی لە سەر داواکەی دراوە.

**کاریکەلیماتۆر؛ ژانرێك بەتەنیشت شیعرەوە**

نووسینەکانی پەرویز لە عەینی کورتی و تەنزئامێزبوونیاندا فێرمان ئەکەن چۆن لە گۆشەیەکی تازەو جوانەوە لە دونیا بڕوانین. پەرویزی شاپور لە دوای خۆی هەشت کتێبی بەجێهێشتووە، کە وەك هەشت کتێبەکەی سوهرابی سپهری کاتێك ئەیانخوێنیتەوە بەئەندازەی هەشتا کتێب ڕۆحت نەوازش ئەکەن و ئەمیان بەدڵنیاییەوە خەندەیەکیش لە سەر لێوەکانتان ئەنەخشێنێت. کاریکەلیماتۆر ناوێکی نیوە بیانیو نیوە فارسییە. ناونیشانێك کە شاملو بەهاوسەرەکەی فروغی بەخشی. پشیلە و دەرزیی یەخەدا تەنها شاکاری پەرویزی شاپورە. ئەوەی کە بتوانی لەگەڵ پشیلە و دەرزیی یەخە ئەم هەموو بابەتەو لە ودیو ئەوانیشەوە مانا ڕاوبکەیت، تەنهاو تەنها لە هێڵکاریو نووسینەکانی پیری بەتوانای

بواری تەنزدا، پەرویزی شاپور شایەنی بینینە؛ پیرەمێردێك كە ئەم دواییانە ئەتگوت هەر لە منداڵیی خۆیدا ماوەتەوە، بەكۆمەڵێك ریش‌و مووی سەرەوە.

پەرویزی شاپور تایبەتمەندیی كولتوری‌و نووسینیی تایبەت بە خۆی هەبوو. هەم كاریكاتۆریست بوو هەم شاعیر، ئەو بە هێلكاری‌و ئەو توانا مانابیەو گواستنەوەی ئەو توانابیە لە مەیدانی وشەدا، ناوی خۆی لە مێژووی تەنزی هاوچەرخی ئێراندا تۆماركرد. هەڵبەتە لە ئەزموونی كارە نووسراوەكانی شاپوردا هەروەك دەبێت وابێت، ئێمە لەگەڵ یەك جۆردا رووبەروو نابینەوەو هەورازو نشێوی زۆر لە جۆری كاری ئەودا هەیە. عیمرانی سەڵاحی تەنزنووسی ناوداری هاوچەرخ لە لێكۆڵینەوەیەكدا دەربارەی كاریكەلیماتۆرەكانی شاپور، ئەوان بەسەر چەند بەشێكدا دابەش دەكات:

شاعیرانەكان: ئەو تەنزانەی كە خاوەن هەوێنی بەهێزی شیعرین و ئەتوانن هەركامیان كەرەستەی سەرەتایی بن بۆ شیعرێكی ناسك، لە وانە وەك:

*قەڵەمەكەم لە رەشایی شەو پڕ ئەكەم‌و لە سەر سپێتیی بەیانی دەنووسم.

*دەستە گوڵێكم كردە شاباشی مەزاری پەلكەزێرینە.

گەمە بەوشەكان: من زۆر كۆك نیم لەگەڵ ئەمانەدا. ئەم جۆرە نووسینانە دەكرێت بۆ ئێمەی (فارسی زمان) پێكەنینهێنەرین، بەڵام تەرجەمە ناكرێن. چەند نمونەیەك لە وانە:

*چ شانازییەك گەورەترە لە وەی پەراسووەكانم تەواو ئۆتۆماتیكن.

*بۆ ئەوەی لە كاتی شەڕدا لە كوورە دەرنەچم، پێشتر دەمی كوورەكەم بەگونییە گرت.

تەنزە كۆمەڵایەتییەكان: هەندێك لە وتەكانی شاپور لە م میانەیەدا:

*بۆ ئەوەی كەس خۆی لە كارم هەڵنەقورتێنێ، ماوەیەكە هیچ كارێك ئەنجام نادەم.

*وەختێك دەستوری ئاگربەستی رەچاوكرد، كە فیشەكی پێنەمابوو.

ئاوەژوو و شێتانە: ئەم بەشە لە تەنزەكانی شاپور زۆر زیرەكانەو ناسك‌و فێڵبازانەن، رەنگە زۆرینەی كارەكانی لەم جۆرە بن:

*بێدەنگی گفتوگۆیەكی نەگەتیڤە.

*چرام هەڵكرد تا وشەكان بەئاسانی گوێی بیسەرەكان بدۆزنەوە.

هەڵبەتە سەڵاحی لە كۆتایی ئەم دەستەبەندییەدا ئاماژە بەوەش ئەكات كە ئەكرێت هەندێك لە نووسینەكانی شاپور، تەواوی تایبەتمەندییەكانی ئەم چوار بەشەی تێدابێت. بەهەرحاڵ، ئەو ساتە پڕ رامانانەی كە شاپور چ بەسووراندنی قەڵەمەكەی‌و چ بەجووڵەی ئاسۆیی ئەو لە چوارچێوەی هێڵكاری‌و كاریكەلیماتۆردا بۆ تەنزی ئەمڕۆ دایناوە، بەشێكن لە یەكەمین هەنگاوە هونەرییە پایەدارەكان. بە وتەی سەڵاحی؛ پەرویزی شاپور دەزگای ئۆكسجینی بە لوتی تەنزی ئێستای ئێمەوە پەیوەستكردووە.

لە كاریكەلیماتۆردا، كاریكاتێر لە جیاتی هێڵ بە وشە دەردەبردرێت. كاریكەلیماتۆر هەندێكجار پێناسەكەی لە مەش واوەتر دەڕوات، خواجە نەسیر شیعر بە وشەگەلێكی خەیاڵئامێزو كێشدار دادەنێت، ئەگەر ئەم بۆچوونە قەبوڵكەین كاریكەلیماتۆر ئەچێتە تەنیشت شیعرەوە، واتە وتەیەكی خەیاڵئامێزە، كە هەندێكجار كێشێكی ئاشكرای هەیە، وەك «بۆ نیگام خۆش هاتی» و هەندێكجار مۆسیقای دەروونیی هەیە. خەیاڵی شاپور سنوور ناناسێت «وەختێك وێنەی گوڵی موحەمەدی كەوتە سەر ئاو، ماسییەكان سڵاواتیان دا» شاپور توانیی شیعرو تەنز تێكەڵبكات، یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی كاری شاپور كورتیی بەرهەمەكانییەتی؛ ئەو توانیی بەكەمترین وشە زۆرترین چەمك دەرببڕێت.

شاپور سەرەرای تەنزنووسی، كاریكاتۆریستێكی كاریگەریشە. كاریكاتۆریستی ناوداری وەك «ئەردەشیری موحەسیس» لە هەندێك شوێندا لە هزرەكانی ئەو كاریگەریی وەرگرتووە. شاپور لە كاریكاتێرەكانیشیدا كورتیی رەچاوكردووە، واتە بەكەمترین‌و سادەترین هێڵەكان خەیاڵی شاعیرانەی پیشانداوە. ئەكرێت لە هەندێك رووەوە ئەو بە «جەیمز تربر» تەنز نووسی ناسراوی ئەمریكایی بەراورد بكرێت.

شاپور تەنانەت كاریگەریی لە سەر شیعری ئەمڕۆی ئێرانیش داناوە. شێوەی نیگای ئەو لەگەڵ ئەوانی دیكەدا جیاوازیی هەیە. ئەو هەندێكجار دونیا ئاوەژوو ئەبینێت؛ بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی بڵێت «پشیلە كە بەسەر درەختەكەدا سەركەوت» ئەڵێت «درەختەكە بە پشیلە كەدا هاتە خوارەوە» یەدوڵای رۆئیایی وەختێك لە شیعرێكدا ئەڵێت «من لە درەخت سەردەكەومە خوارەوە» نیگایەكی شاپورانەی هەیە. رۆئیایی تەنانەت بڕیاریدابوو هەندێك لە كاریكەلیماتۆرەكانی شاپور بكاتە شیعر.

**ئۆتۆبیۆگرافی پەرویزی شاپور**

دەربارەی لە دایکبوونم تەنها ئەو مووە سپییانەم لە بیرە، کە رەنگیان بەتێپەڕینی کات بەڕەنگی ئاڵەت هەڵگەڕاو ئێستا کە ئەم دێڕانە ئەنووسم تەواو رەش بوون.

لە قۆناغی خوێندندا لە بەر باری خراپی مادی ناچار بووم قەڵەمەکەم لە رەشایی شەو پڕبکەم، رۆژێکیش کە بمویستایە بچم بۆ پرسەی یەکێك لە هاوپۆلەکانم، لە بەر نەبوونی بەرگی رەش ناچار بووم سێبەرەکەم بنێرمە کۆڕی پرسەکەوە.

لەبەر ئەوەی مێژووی لە دایکبوونی جەستەو رۆحم لەگەڵ یەك جوودان ناچارم ساڵی دووجار ئاهەنگی لە دایکبوون بۆ خۆم بگێڕم.

خوویەکی سەیریشم هەیە تا قردێڵەی رەش نەدەم لە یەخەم، لاپەڕەی پرسەو سەرەخۆشیی رۆژنامەکان ناخوێنمەوە.

جارێك دەستمدایە خۆکوشتن بەم شێوەیە، تیرێکم خستە کەوانی پەلکەزێڕنەوەو نام بە نێوچەوانی خۆمەوە.

کایەی نان بێنە کەباب بەرە، ئوتول موتول توتولەو پەڕی قەلەڕەشم لە رادەبەدەر حەزلێیە، بەڵام یاریکردن بە وشەکانم خۆش دەوێت.

جوانترین دیمەنێك کە لە ژیانمدا بینیومە لە شەوێکی هاوینیدا بوو، مانگ لە جووڵە کەوتبوو و تەواوی ئەستێرکان کۆبووبوونەوەو پاڵیان پێوە دەنا.

ئازاراویترین یادگاری ژیانم کاتێك بوو کە خەریك بووم بیرم لە ماسیی دەکردەوە، بەڵام لە یادم چوو بیر لە ئاویش بکەمەوە، سەرئەنجام ماسیی هزرم مردو منی بۆ هەمیشە مەینەتزەدە هێشتەوە.

**پرسەی جیاوازی شاپور**

عیمرانی سەلاحی دەڵێت: لە کۆڕی پرسەی شاپوردا کە لە خانەقای سەفی عەلیشا دانرابوو؛ بۆ یەکەمینجار لە پرسەدا، تەنز خوێندرایەوە. لە جیاتی گریان، هەمووان پێدەکەنین. هاتمەدەرەوە براکەی شاپور کە خاوەنی پرسەکە بوو وتی: «سەلاحی شانست هەبوو ئێرە سەفی عەلیشایەو دیموکراتیك، ئەگەر جێگایەکی تر بوایە...»

کێلی گۆڕەکەی شاپور یەکەمین کێلێکە کاریکاتێری لە سەر کێشراوە!

**نموونەیەك لە کاریکەلیماتۆرەکانی پەرویزی شاپور**

*بەرای گیوتین* سەری مرۆڤ زیادەیە..

*لە بیرم نایەت نابینایەك خۆی پێدا کێشابم.

*وەختێك بەهارم بینی، بەدەستەگوڵێکەوە چاوەڕێی دەکەم لە بەر لێکردنەوەی گوڵەکان سەرزەنشتیکردم.

*وشەی سڵاو خاکیترین وشەیە.

*هەرچەندە گوڵی قاڵی درکیان پێوەنییە، زۆربەی خەڵکی بەپێڵاوەوە بەسەریدا دەڕۆن.

*دڵم جەنجاڵترین شاری دونیایە.

*لە ترسی زیندووەکان، پەنا بۆ قووڵایی گۆڕەکەم دەبەم.

*مێشکم لە دونیا دەرچوو، بیرەکانم بێسەرپەرشت مانەوە.

*تەنانەت ئامادەنیم نووسینەکانی سەر کێلی گۆڕەکەشم لە ئەستۆ بگرم.

*بۆ مردن، تەمەنێك دەرفەتمان هەیە.

*لە شەوێکی زستاندا کە بەفر دەباری، لە سپێتیی بەفرەوە تێگەیشتم کە رەشایی شەو رەنگ ناداتەوە.

*مەرگ لە دوواهەمین ساتی ژیاندا لە دایك دەبێت.

*بەسەر گڵکۆی زەردەخەنەمدا فرمێسك دەڕێژم.

*ئەوانەی بە تەناف خۆیان دەخنکێنن هیچ بیر لە وە ناکەنەوە لە ئایندەدا جلە کانیان بەکوێدا هەڵدەواسن؟

*ناوك مۆری ستانداردی سکە.

*شەو ناخەوێت تا کاتژمێرەکەم بیجامە نەپۆشێت.

*له ئاوی ژیاندا خنکام.
*ئەگەر دانیشتوانی سەر گۆی زەوی کەچەڵ بوونایە، مانگ لە بینینی ئەو هەموو ئەستێرەیە چێژی وەردەگرت.
*مەودای نێوان پێکەنین و گریان لووت پڕیدەکاتەوە.
*دەرگای قەفەز بۆ تەواوی باڵندەکان ئاوەڵایە.
*شەوانە یاریی بیلیارد بەئەستێرەکان دەکەم.
*قەفەزێك کە دەرگای نەبێت ئازادیخوازە.
*با- ناتوانێت مەودای نێوان گوڵەنی فەرش کەم و زیاد بکات.
*مەودای نێوان کچانی فەرشچن گوڵی فەرشەکە پڕی دەکەنەوە.
*دڵۆپە باران فرمێسکێکی ڕشت.
*دڵۆپەکانی باران وەختێك یەکدی لە ئامێز دەگرن، هەست بەتەنیایی دەکەن.
*مرۆڤی زووبێدار لەگەڵ خۆردا هەڵدێت.
*گوڵی فەرش بەستوونی دەڕوێت و بەئاسۆیی خۆی نمایان دەکات.
*وەختێك پێڵووم دادەخەم، نیگام لە چاومدا نیشتەجێ دەبێت.
*دڵ، گوڵێکی سوورە کە ڕەگی بەتەواوی جەستەی مرۆڤدا داکوتیوە.
*فرمێسکی شەونم، بەسەر پەڕەی گوڵی سووردا رایدەکرد.
*لە سەر کورسییەکی بەتاڵ، تەنیایی دانیشتبوو.
*تەواوی خەڵکی دونیا بەیەك زمان بێدەنگ دەبن.
*هەرکات سەعاتەکەم قورمیش ئەکەم پێم ئەڵێت سوپاس.
*بە دەمانچە ئاستی بیرکردنەوی خۆمم ناچارکرد بەرزبێتەوە.
*وەختێك بەهۆی خواردنی پیسەوە دووچاری ژەهراوییبوون ئەبم، بەنووسراوێك لە لایەن کۆئەندامی هەرسەوە سەرکۆنە ئەکرێم.
*وەختێك ئەپژمم بەردی گۆڕەکەم چەند مەترێك بەرزدەبێتەوە.
*شەوانی هەینی لە ترسی زیندووەکان پەنا بۆ تاریکترین گۆشەی گۆڕەکەم دەبەم.
*بۆ ئەوەی کەس خۆی لە کارم هەڵنەقورتێنێ، ماوەیەکە هیچ کارێك ناکەم.
*لە پرسەی خۆشەویستەکەمدا پەلکەزێرینە خۆی رەشپۆشکردبوو.
*لە هەموو شتێك تێربووم جگە لە بەرچایی، نیوەڕۆژەو شێو.
*جارێك لەگەڵ میکرۆبێکدا ئەملاولای یەکترمان ماچکرد، یەك ساڵ نەخۆش کەوتم.
*وەختێك خۆشەویستەکەم ئەخەوێت، دڵم ئەخەمە ژێر سەرییەوە.
*ئەو گوللە یەی نام بەمێشکی سەرمەوە، سەرقاڵی گەشت و سەیرانە بە بیرکردنەوەکانمدا.
*ئەو نیگایەی سەیری خۆشەویستەکەمم پێکرد، مێژوویەکی بەسەرچوونی جاویدانەی هەیە.
*خەندەم وەك توێکڵی مۆز هەڵدایە ژێر پێی خەمەوە.
*کونی سەری خوێدان بۆ ئەوەیە تا خوێیەکە نەخنکێت.
*وەختێك سەعاتەکەم ئەخەوێت، خەون بەسەعاتی ژنانەوە ئەبینێت.
*میزەڵدان ناتوانێت «دەرزی بکات بەخۆیداو سوژن بکات بەوانی دیکەدا».
*هیچ بوونەوەرێك بەئەندازەی بەندۆڵی سەعات رارا نییە.
*لە وکاتەوەی هەناسەم راوەستاوە، سییەکانم پشوو ئەدەن.
*بورکان هێلنجی زەوییە.
*ئاوێنە وێنەکەمی بە لە قەیەك هەڵدایە دەرەوە.
*سیمی تەلە فۆن سەرقاڵی گوێهەڵخستن بوو.
*کێو بەو گەورەییەوە توانای جووڵەی نییە.
*خاوەن چاوە هەنگوینییەکان نیگایەکی شیرینیان هەیە.
*هەر پارووییەك قووت ئەدەم، گەدەم هاوار ئەکات خۆشهاتی.

*نازانم ماسی چ خواردنێکی سوێری خواردووە وا ئەوەندە ئاوی بەسەردا ئەخواتەوە.
*بەدەمانچەیەکی ئاوی وشکەساڵیم لە پێخست.
*میکرۆب دوای ئەوەی لە ژێر مایکرۆسکۆپدا گەورەبوو، ئیدی ئامادە نەبوو بچووکبێتەوە.
*کچی دەریا جگەرەی وەتەرپروف* ئەخوات.
*بۆ ئەوەی قەرەبووی رووتبوونەوەی بۆ بکەمەو جلم کردە بەری نیگام.
*بۆ ئەوەی رۆژی مەحشەر هەستمەوە، سەعاتێکی زەنگدارم لە سەر گۆڕەکەم دانا.
*دەماری حەوزم بڕی بوو بە فوارە.
*ئەو نیگایەی ئاراستەی خۆشەویستەکەمی دەکەم، فیلتەری هەیە.
*شەو بەهۆی ئەستێرەکانییەوە تەحەمول دەکەم.
*مەرگ بەپلیکانەی ژیانمدا سەردەکەوێت.
*حەیف لە شەوانی بارانیدا ناتوانم پەلکەزێڕینە ببینم.
*سێبەرەکەم بە خۆر قەرزدارم.
*بە بێ دڵیش هەمووانم خۆش دەوێ.
*ئاوێنە لە بەر بێوێنەیی کۆچی دوایی کرد.
*ئاوێنە وێنەکەمی پێنەدامەوە.
*وڵاتە دواکەوتووەکان بەرەشایی ژێر نینۆکی هاووڵاتییەکانیان شەقامەکان قیرتاو دەکەن.
*شیشەکانی قەفەز هەرئەوەندە باوێشکیاندا، باڵندە هەڵهات.
*تکام لە فریشتەی مەرگ کرد بەدەر لە نۆرە کۆتایی بەژیانم بهێنێت.
*لە کۆتایی وتارەکەدا زمانم چەپڵەی بۆ خۆی لێدا.
*پشیلە دوای گرتنی مشك، بەوردی بەشوێن مێژووی بەسەرچوونەکەیدا ئەگەڕا.
*هەموو خەڵکی کڵاو ئەکەنە سەر عەلاگەی جل هەڵواسین.
*هەنگ تەواوی تەمەنی لە مانگی هەنگوینیدا بەسەر ئەبات.
*دوو ئەوەندەی چەرپای یەك کەسی ڕێز لە چەرپای دوو کەسی دەگرم.
*دڵم بەماسییەکان ئەسووتێ، ناتوانن بەمنداڵیی یاری بەخۆڵ بکەن.
*ئەوەندە کەسێکی دلۆڤانم، زستانان کاتێك ئەمەوێت زللە لە کەسێك بدەم، پێشتر دەستم لە بەر سۆپادا گەرم دەکەمەوە.
*میکرۆب سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پزیشکی تاقیگە دوای پێداچوونەوەی کرد.
*حەوزی شوشە لە دادگا ئامادەبوو و لە بەرژەوەندیی پشیلە گەواهی دا.
*پشیلە ماسییەکەی خواردو ئاوی حەوزەکەی بە نیازی تەوبە کرد بەسەریدا.
*هەوری پارچەپارچە نیشانەی ئەوەیە کە لە ئاسمانیشدا هەژاری بوونی هەیە.
*بۆ ئەوەی سوکایەتی بەگوڵ بکەم، بە مەسینە ئاودا.
*ماسییەکان لە ئاودا ئەمرن.
*هێشتا ئەوەندە هەژار نەکەوتووم شەرابی کۆنە بخۆمەوە.
*مەعشوقەکان خوێنخۆرن، چونکە لەگەڵ دڵی مرۆڤ سەروکاریان هەیە.
*هەرکات بمەوێت کارێکی ناحەز ئەنجام بدەم، بەدەست چاوی ویژدانم دەگرم.
*کەسێکی لە خنکان رزگاربوو ئەناسم تا چاوی بەحەوزی ماسی ئەکەوێت یەکسەر ماسییەکە رزگار دەکات.
*میکرۆب لەگەڵ ستافی تاقیگەدا وێنەی یادگاری گرت.
*وەختێك ناتوانم فرمێسك بڕێژم، چاوەکانم دەکەمە نێو ئاوگیری میوەوە.
*دلۆپە فرمێسکەکانم رەچاوی نۆرە ناکەن.
*سەعاتەکەم بەهۆی بێقورمیشیەوە کۆچی دوایی کردو بەپێی راسپاردەی خۆی جەستەیم لە سویسرا بەخاك سپارد.
*بیرەکانم وازیان لە شوێنکەوتنی مێشکم هێنا.

*ئەمرۆ دوو تەمەن بەخششم دابە کۆتری نامەبەر.
*دڵم بەئەندامەکانی ناوەوەم ئەسووتێت، کە بێگوناە بەزیندانی هەتاهەتایی سزا دراون.
*ئاوی حەوزەکە بەرادەیەك پیسبوو، کە ماسی بۆ هەمیشە لە وشکانیدا نیشتەجێ بوو.
*چونکە رۆحم بەشێوەیەکی گوماناوی مردووە، خۆم توێکاریم بۆ کرد.
*بەلای ئەندامەکانی ناو جەستەمەوە شەو و رۆژ یەکسانن.
*لە وکاتەوەی دڵم خراپ بووە خۆم خوێن بۆ ئەندامە جیاجیاکانی جەستەم ئەنێرم.
*باڵندەی لە قەفەسنراو بەر لە دەستگیرکرانی هەرگیز لە فنجانی ئەوەندە جواندا ئاوی نەخواردبووەوە.
*ئاوێزانبوونی شیشەکانی قەفەس لە بەرژەوەندیی باڵندەیە.
*هێڵی ناوەندی گۆی زەوی بەدڵمدا تێئەپەڕێت.
*ژیان لە من تێربووە، بەڵام من هێشتا ژیانم خۆش ئەوێت.
*ئەو باڵندانەی لە نێو قەفەسدا جووت ئەگرن، حەز بەئازادیی بێچووەکانیان ناکەن.
*بۆ ئەوەی دەنگی پێکەنینم لە گۆڕەکەم دەرنەچێت، کفنەکەم تۆپەڵکردە دەممەوە.
*باڵندە هەموو رۆژێك بەیانی کە چاوی بە شیشەکانی قەفەس ئەکەوێت، بروسکە بەدڵیدادێت.
*باڵندە لە سەر تێلی تێلیفۆنەوە خەریکی گوێراگرتن بوو.
*کلاوەرۆژنەی ئومێد، درۆیەکە هەمووان باوەڕمان پێیەتی.
*هەندێك کەس تەواوی تەمەنیان لەگەڵ خۆیاندا ئەجەنگێن، بێ ئەوەی ئامادەبن چەند رۆژێك ئاگربەست رابگەیەنن.
*هەندێك کەس ئەوەندە ئازادیخوازن، تەنانەت ئامادەنین میهرەبانی لە دڵیاندا زیندانی بکەن.
*گوڵەبەرۆژە لە رۆژانی هەوردا بێکارە.
*میکرۆسکۆپی تاقیگە بەنەخۆشیی پەتا کۆچی دوایی کرد.
*وەختێك بیر لە سەرگەردانیی خوێنم ئەکەمەوە، سەرگەردانیی خۆم بیر ئەچێتەوە.
*کرمی ئاوریشم تامی زیندانیبوونی چەشتووە.
*خۆشەویستەکەم وەك کۆرپە لە دڵمدا گەشە دەکات.
*تا حەقدەست لە فریشتەی مەرگ وەرنەگرم، خۆم ناکوژم.
*مرۆڤی خۆپەرست پێیوایە خۆر بۆ برۆنزیکردنی ئەو هاتۆتە کەنار دەریا.
*هەوری نەزۆك بەشی بیابانە.
*کێوی ئاورپرژێنم خستە ژێر جگەرەکەمەوە.
*درەختی تەنیا وەسێتیکرد لە دارەکەی چەرپای دووکەسی دروستنەکەن.
*بەهار خەریکبوو بەپەیژە بەسەر درەختدا سەردەکەوت.
*لەگەڵ مێشوولە کاندا دەچمە نێو پەردەکوللە وە.
*میکرۆب لە بەرامبەر مایکرۆسکۆپدا گرێی بۆینباخەکەی رێکدەخست.
*سێبەرەکەم لەقە لە قاچم ئەدات.
*سلاو پردێکە، دوو تەنیا پێکەوە ئەبەستێتەوە.
*بینینی شەو پێویستی بە چرا نییە.
*وەختێك باران ئەبارێت پەنا بۆ ژێر هەور دەبەم.
*سێبەر، شەوێکی بچووکە.
*مێشوولە پێویستی بە پەردەکوللە نییە.
*قاقای پێکەنینم ناهێڵێت قوڵپەقوڵپی گریانم ببیستم.
*سێبەرەکەم توانای نەماوە بەشوێنمدا بێت.
*قەڵەمەکەم لە رەشایی شەو پردەکەمو لە سەر سپێتیی بەیانی دەنووسم.
*مرۆڤی رەشبین لە خۆر شێرەبەفرینە دروستدەکات.
*دڵم، فرمێسکی وەك وتەبێژی فەرمیی جەستەم ناساند.

*بۆ ئەوەی سوکایەتی بەخۆشەویستەکەم بکەم، بەو فرمێسکانەی لە بەر ئەو رشتبوومن خۆم پاککردەوە.
*چونکە گوللە توانای دووری تفەنگی نەبوو، لە نیوەی رێدا گەڕایەوە.
*سەرەتا دژەسەهۆڵ دەخەمە نێو کاسەی سەرمەوە، پاشان بیر لە جەمسەری باکوور دەکەمەوە.
*ئەگەر بەهار بوومایە، دارتێلی کارەبام لە بەخششی گەشەکردن بێبەش نەدەکرد.
*بۆ هاتنی خۆشەویستەکەم زیاتر لە هەموو سەعاتەکانی دونیا دەقیقەژمێری دەکەم.
*فریشتەکان وەختێك دەمرن رۆحیان بەرەو زەوی دادەبەزێت.
*سەری خۆر هەمیشە گەرمە.
*هەروەختێك دڵم بۆ ئەندامەکانی ناوەوەم تەنگ ئەبێت، چاوم دەخەمە سەر شوێن کلیلە کەی ناوکم.
*ئەمرۆ زمانم دەستی لە وتەبێژیی جەستەم کێشایەوە.
*فرمێسکەکانم لە چاوم خۆشتر دەوێت.
*شەوم بەتیشکی چرا بریندار کرد.
*شوشەی تەمەنی ماسیی، حەوزی ئاوەکەیەتی.
*بۆ ئەوەی دڵۆپە فرمێسکەکانم لەگەڵ دڵۆپەکانی باراندا لێتێك نەچێ، هەرگیز لە رۆژانی باراندا ناگریم.
*دونیا تەنها قەفەسێکی گەورەیە.
*هەنگ لە بینینی ئەو هەموو هەنگوینە ساختەیە پەنجەی سەرسامی ئەگەزێت.
*پەلکەزێڕینە دوای دانانی حەملە کەی بووە هێڵێکی راست.
*رۆحم لە کاتی سەرکەوتندا ئیستۆپی پچڕاو خۆی کێشا بە ئاسماندا.
*هیچ تاوانبارێك بەئەندازەی دڵم لەگەڵ خوێندا سەروکاری نییە.
*باڵندە وەختێك زیندانی دەکرێت هزری دەفرێت.
*لە زستاندا کفنی تووکن دەپۆشم.
*وەختێك دڵم کودەتا بەسەر مێشکمدا دەکات، دووچاری خوێنبەربوونی مێشك دەبم.
*توێکڵی مۆز تۆڵەی پێشێلکردنی لە بەرامبەر دەکاتەوە.
*ئەگەر بمەوێت باڵندەیەك زیندانی بکەم، قەفەسێکی بەگەورەیی ئاسمان بۆ دروستدەکەم.
*ئەگەر بەفر دەیزانی زەوی ئەوەندە پیسە، کاتی بارین هەرگیز بەرگی سپیی لە بەرنەدەکرد.
*بەفرمێسك رشتن لە ئاهەنگی لە دایکبوونی خۆمدا بەشداریم کرد.
*لە ئاستانەی دەرگای چوونەدەرەوەی ژیاندا، جەستەم لێبەجێما.

پەرویزی شاپور لە پێنجی ئیسفەندی 1303دا لە دەرگای ژیانەوە هاتە ژوورەوەو لە پازدەی موردادی 1378دا لە دەرگای چوونەدەرەوەوە بەدەرکەوت. لە نێوان ئەم دوو دەرگایەدا مرۆڤێك ژیا کە بەنووسینو هێڵکارییەکانی گیاندارو رووەكو شتەکانی دەهێنایە پێشەوەو دەیخستنە راژەی میهرەبانییەوە. مرۆڤێك کە دڵی جەنجاڵترین شاری دونیا بوو و لەگەڵ گوڵەکاندا وێنەی خێزانی دەگرت.

**پەراوێز**
* گیوتین ئەو کەسەی ئامێری سەرقرتاندنی داهێنا، کە دوایی خۆیشی بەو ئامێرە سەری لێکرایەوە.
* دژە ئاو.

**سەرچاوەکان بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە:**
*چەند سایتێکی ئینتەر نێت.
*کتێبی «قلبم را با قلبت میزان میکنم». پرویز شاپور، انتشارات مروارید.1384

* **تێبینی:**
هەڵبژاردەیەکم لە کاریکەلیماتۆرەکانی هەر هەشت کتێبەکەی پەرویزی شاپور - کە لە دووتوێی بەرگێکدا بەناوی «قلبم را با قلبت میزان میکنم» بڵاوکراوەتەوە - وەرگێڕاوەو هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا بکەوێتە بەردیدەی خوێنەران.